





# بۆ پاراستنی بەرهەمی شێوەکاری دەزگایەک پێویستە

## وەرچەرخانێک بە دەستی نەوەی نوێی شێوەکاران

ئا/ تاریق کارێزی

پێم باشە بۆ خوێنەری روون بکەمەوە، لەبەر چی ئەم وتارە دوو ناونیشانی هەیە؟ (بۆ پاراستنی بەرهەمی شێوەکاران، دەزگایەك پێویستە)، (وەرچەرخانێك بە دەستی نەوەی نوێی شێوەکاران).

ئەو پیشانگایەی سوفیان جەلال لە کۆتایی تشرینی دووەم لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێرە، پێشتریش هەمان پیشانگای لە سلێمانی کردبووەوە، دوو شتی لە لام ورووژاند:

یەك: نەوەیەکی تازەی شێوەکار وا بەرێوەن، کە ئیدی دەبنە سەرقافڵەی هونەرەکە و جڵەوی شێوەکاری دەگرنە دەست، ئەوان بە ئەندازەیەك خۆیان تەیار کردووە، کە بە دڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین، وەرچەرخانێك لە کاروان و مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردستان بەدی دەهێنن.

دوو: تابلۆکانی سوفیان بە قەبارەی زۆر گەورە (٢ مەتر بە ٣,٨ مەتر) و بە تەکنیکێکی تازە و تایبەت و سەرنجڕاکێش بوون، کە هەڵگرتن و پاراستنی زۆریان پێویستە، چونکە دەچنە خانەی ئەفراندنی تایبەت و نیشانەیەکی گەشن لە کاروانی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا.

سەرەتا قسەمان لە سەر ئەو ١٤ تابلۆیە دەبێت، کە تێکڕا بە یەك قەبارەی گەورە جێبەجێ کراون، ئەو چواردە تابلۆیەی هونەرمەند، هەردوو هۆڵەکەی بەڕێوەبەرایەتیی شێوەکاری (میدیا)یان پڕکردبووەوە. سوفیان پێی وایە ئەم بابەتانە لە قەبارەی گەورەدا نەبێت، بەرجەستە ناکرێن، ئەو کە تابلۆی گەورە دەکێشێت، پاساوی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا کارکردن لە تابلۆی قەبارە گەورە، جۆرێك لە توانا و بڕستی تایبەتی دەوێت، دەبێ هونەرمەند دەستکراوە بێت لەوەی کە بەسەر پیشەکەیدا زاڵە، تەکنیك لە بن رکێفدایە و بە ویستی ئەو دەجووڵێتەوە.

لەم پیشانگایەدا کەرەستەی کارکردنی هونەرمەند بۆ خۆی سەرنج راکێشە، ئەو رەنگی ئەکریلکی بەکار بردووە، چونکە بەکارهێنانی ئاسانە و خۆش دێتە دەست و زووش وشك دەبێتەوە، بێ ئەوەی بە ئاسانی ئاوێتە بە خوری، پووش و پەلاش، قرژاڵ، توێکڵی وشکی پرتەقاڵ ببێت، کە هونەرمەند لە تابلۆکانیاندا بەکاریان هێناون. توێکڵی پرتەقاڵ لە تابلۆکانی سوفیاندا بۆ خۆی چیرۆکێکی هەیە. لێم پرسی ناترسی کەڕوو هەڵبێنێت، یان بە قەدی تابلۆوە هەڵوەرێت؟ بەڵام گوتی: «توێکڵی پرتەقاڵ وەك هیچ توێکڵێکی دیکە نییە، کە وشك بووەوە







# ــــاران، دەزگایەک پێویستە

## ــــی نەوەی نوێی شێوەکاران



هیچ ڕێژەیەکی شێی تێدا نامێنێت، زۆریش پتەو و خۆڕاگرە، ئەو زبر و جووڵەیەی من لە سەر تەختایی ڕووی تابلۆ مەبەستمە، بە توێکڵی پرتەقاڵ نەبێت دروست نابێت.»

ئەم هونەرمەندە هەر دەبێ بیری لە چەسپکردنی کەرەستەکانی کردبێتەوە، ئیدی بۆیە (غەڕە) بەشێکە لە کەرەستەی کار کردنی ئەو. ئەو شتانەی سوفیان بۆ دروستکردنی تابلۆ بەکاریان دەهێنێت، هەمەجۆرن، هەمووشیان تێکەڵ بە گیراوەی ڕەنگ و چەسپ (ئەکریلك و غەڕە) دەکات، ئیدی بەمجۆرە داڕشتنی تابلۆ دەست پێ دەکات.

بیرۆکەیەك کە ئەم پیشانگایە دەیوروژێنێت، بابەتی پاراستنی تابلۆیە. ناکرێ باوەڕمان بەوە نەبێت کە، هونەر کردەیەکی سوودبەخش و واتادارە، کەوا بوو هونەرمەندیش لە نێو کۆمەڵدا کەسێکی بەرهەمهێنە، بەرهەم و کاڵاکەی لە لایەن کڕیارانەوە شایستەی پێشوازی لێکردنە. جگە لەوەی لە باری ستاتیکا و شارستانییەوە، بەرهەمی هونەر وەك میراتێکی کولتوور و شارستانییەت لێی دەڕواندرێت، بۆیە بە گوێرەی ئەو دەرەنجامانە زۆر پێویستە هەموو وڵاتێك و هەموو گەلێك بەرهەمی داهێنانی نەوەکانی بپارێزێت، وەك سەرمایەی کولتوور و شارستانییەت و تەنانەت داراییش، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت.

من پێم وایە زۆر پێویستە لە کوردستاندا دەزگایەکی تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی هونەرمەندانی شێوەکار هەبێت، سوفیان بەرهەمێکی جوانی ئەفراندووە، بەڵام جێ و ڕێی ئەوتۆی نییە کە بتوانێت ئەو بەرهەمانەی خۆی تێدا بپارێزێت، دوور لە هەلومەرجی گونجاوی هەڵگرتنیش، ئەو تابلۆیانە و هەروەها بەرهەمی تێکڕای هونەرمەندانی دیکەش ئەگەری شێواندن و تەنانەت فەوتانیشیان لە ئارادایە.



# ئەنجلینا بە دزی تاوانبار دەکرێت

دوور نییە ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد ئەنجلینا جۆلی ڕووبەڕووی تۆمەتی دزینی بیرۆکەی فیلمە نوێیەکەی ببێتەوە، کە ناوی (Eternals)ە و بڕیار وایە لە ساڵی ٢٠٢٠ نمایش بکرێت، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ئەنتوانێت ئەبامۆنتی ڕایگەیاند کە پێشتر بیرۆکەی فیلمەکەی لەگەڵی باس کردبوو.

ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی داوایەکی ئەبامۆنتی و تیمی پارێزەرانیی بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای قەرەبوو کردنەوە لە ئەنجلینا دەکات و خۆی بە خاوەنی بیرۆکەی فیلمەکە دەزانێت، گوایە پێشتر بیرۆکەی فیلمەکەی پێی ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەنجلینا لە ڕێگای کۆمپانیای (مارڤل) کاری لەسەر کردووە بێ ئەوەی پرسی پێ بکات. بیرۆکەی فیلمەکە باس لە کچێکی (کەڕ) دەکات کە دوای لە دەستدانی توانای بیستنی توانای سەرسوڕهێنەری تێدا پەیدا بووە، وەك خوێندنەوەی بیرۆکە وچوونە نێو عەقڵی کەسانی دیکە.

ئەبامۆنتی دەڵێ: ئەنجلینا وا خۆی نیشان دەدات کە دەیەوێ یارمەتی جیهان بدات، بەڵام زۆر کەس نازانێت کە بیرۆکەی فیلمەکە هی منە و ئەو دزیویەتی و دواتر پێشکەشی کۆمپانیای کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا ببینێت، من پێشتر بۆ ماوەی سێ ساڵ لای ئەنجلینا کارم کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکانی فێرە زمانی ئاماژە بکەم، بەداخەوە مامەڵەیەکی زۆر نامرۆڤانەی لەگەڵمدا دەکرد.

# شارۆخان: سەرک

لە میانەی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد شارۆخان دەربارەی دەستکەوتەکانی ژیانی هونەریی خۆی و ئەو هەڵانەی لە ژیانیدا ئەنجامیداون قسەی کردووە، هەروەها باسی لە میراتی خۆی کرد، بەڵام ئەوەی زۆر میدیاکانیش گرنگییان پێدا میراتەکەی بوو.

ئەو ئەستێرەیەی بۆلیۆد لە میانەی وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا دەربارەی ئەو میراتەی کە بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێی دەهێڵێت وتی: «من دەمەوێ دوای خۆم کولتوورێکی تا ڕاددەیەك نوێ بۆ نەوەکانی جێ بهێڵم، کە بریتییە لە کاری سەخت و بەردەوام و پڕ لە پێکەنین، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە بە جددی کار دەکەن، دەمەوێ ڕاشکاوانە بە منداڵەکانی خۆم و نەوەکانی داهاتووی وڵاتەکەم بڵێم، سەرکەوتنەکانت



# چارلز تیرۆن باسی چۆنێتی کوشتنی باوکی دەکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیۆد چارلز تیرۆن رایگەیاند: هیچ کات هەستی بە شەرمەزاری نەکردووە لە کوشتنی باوکی کە بەر لە ١٥ ساڵ لەسەر دەستی دایکی روویدا و بە رووداوێکی ئاسایی خێزانی وەسفی کرد، کە زۆر ئاساییە لە هەموو شوێنێك لە لایەن هەر کەسێکەوە رووبدات.

تیرۆن لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری (people) دەڵێ: «لە شەوێکی ساڵی ١٩٩١ باوکم بە بێهۆشی هاتە و دەمانچەیەکی لە دەستدا بوو و هەڕەشەی کوشتنی لە دایکم کرد، دایکیشم رایکرد بۆ ئەوەی رێگای پێ نەدات بێتە ژوورەکەمان، لەو کاتەدا باوکم سێ جار تەقەی لە دەرگای ژوورەکە کرد، بەڵام بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراوە هیچیان بەر دایکم نەکەوتن، دایکم بۆ بەرگریکردن لە من و خۆی ناچار بوو ئەویش تەقە لە باوکم بکات، ئەم بەرگریکردنەش بووە هۆی کوشتنی باوکم، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کوشتنی باوکم بە دەستی دایکم بەرگریکردن بوو، دایکم تووشی سزا و دەستگیرکردن نەبوو».

چارلز تیرۆن ئەوەشی روون کردەوە کە ئەمە رووداوێکی خێزانیی زۆر ئاسایی بووە و دوور نییە لە هەموو خانەوادەیەکدا رووبدات، بۆیە من هیچ کات لەو رەفتارەی دایکم هەست بە شەرمەزاری ناکەم، من بەختەوەرم کە دایکێکی بەهێزم هەیە و هەمیشە داوای لێکردووم بەهێز بم و بڕوام بەخۆم هەبێت، بەڵام باوکم کەسێکی نەخۆش و ئالوودەی خواردنەوە کهولییەکان بوو، ئەمەش وایکردبوو کە خانەوادەکەمان ئاسایی و تەندروست نەبێت.



# ـــــــەوتن وەک جلگۆڕین وایە

وەك کراسێك لەبەر بکەن کە بۆ ماوەکی زۆر بەکاری بهێنن، نەك کراسێك کە تەنیا بۆ ئاهەنگێك، یان بۆنەیەکی کورت و تایبەت بەکاری بهێنن».

لەلایەکی دیکەوە بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە لە کۆڕێکدا شارۆخان چاوی بە ژمارەیەك لە قوربانییانی (هێرشی ترشی ئەسید) کەوت سەبارەت بە چۆنیەتی هاوکاری کردنیان و رێگا گرتن لە دووبارە نەبوونەوەی ئەو جۆرە هێرشانە لەگەڵیان دووا، کۆڕەکە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نوێترین فیلمی خانمە ئەکتەر دیبیکا پادکۆن کە ئەویش باس لە هێرشی چەند تاوانبارێك دەکات بە مادده سووتێنەرەکان، کە زۆربەی قوربانیانی ئافرەتن.

شارۆخان لەو کۆڕەدا جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە کەمپینی زیاتر رێك بخرێت بۆ پاڵپشتیکردنی قوربانیانی ئەو جۆرە هێرشانە و دووبارە وەرگرتنەوەیان لە نێو کۆمەڵگە و هاوکاری کردنیان، چونکە گشت ئافرەتان هەڕەشەی ئەو جۆرە دەستدرێژییانەیان لەسەرە و گوتی: :ئەگەر بەردەوام بین لە هەوڵدان ئەوا بێگومان بەسەر هێرشی ترشی ئەسیدا سەردەکەوین، من بەڵێن دەدەم کە لەگەڵ قوربانیانی هێرشی ئەسیددا بەردەوام بم لەو کۆڕانە، بۆ ئەوەی پاشەڕۆژێکی پرشنگداریان هەبێت.



یەڵدونێ:

# دەمێکە بە ئاوات بووم گۆرانییەکی کوردی- فارسی بڵێم، ئاواتەکەشم هاتەدی

خاتوو یەڵدا، یان (یەڵدونێ)ی هونەرمەندی فارس کە لەدایکبووی شاری تارانی پایتەختی ئێرانە و چەند ساڵێکە لە ئیسپانیا دەژی، لە هەردوو بواری رۆژنامەنووسی و مامۆستای زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی، خاوەنی ماستەرنامەیە لە رۆژنامەوانی و قوتابی دکتۆرایە و لەگەڵ هەندێ ناوەندی رۆژنامەنووسیی ئینگلیزی و ئەوروپی کاری کردووە، یەڵدونێ دایک و باوکی لە نەتەوەی فارسن، بەڵام خۆی زۆر حەزی لە زمانی کوردییە و لە باشووری کوردستان فێری زمانی کوردی بووە، ئەو پێی وایە کە کولتوور و فەرهەنگی فارسی زۆر لە فەرهەنگی کورد نزیکە، بۆیە زۆر تێکەڵی کورد بووە و زمانی کوردی فێربووە و ئێستا سەرقاڵی گۆرانیەکە بە زمانی عیبری و عەرەبی.

یەڵدا بەم دواییە گۆرانییەکی بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی تۆمار و کلیپ کردووە، دەربارەی ئەم گۆرانییەش دەڵێ: « لە بەرنامەمدا هەیە کە چەند گۆرانییەکی دوێت بە زمانەکانی (کوردی و فارسی، کوردی و ئیسپانی، کوردی و کەتەلۆنی، کوردی و ئینگلیزی) تۆمار بکەم، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەم پرۆژانە جێبەجێ دەکەم، لە ئێستادا گۆرانییەکی سنگلم بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی تۆمار کردووە کە گۆرانییەکی ئەویندارى و تراژیدی و رۆمانسییە، دەمێکە بە ئاوات بووم گۆرانییەکی هاوبەشی کوردی فارسی بڵێم، خۆشبەختانە ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ رەخساوە خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بەناوی (دەریا) کە بەشە کوردییەکەی تێکستی خاتوو نۆژین حاتەمییە، مامۆستا حەسەن میرزادخانی کە یەکێکە لە موزیسیانە ناسراوەکانی ئێران کاری ئاوازدانانی بۆ کردووە و لەگەڵ گروپێکی ئیسپانی لە نزیك شاری بەرسیلۆنا کاری کلیپم بۆ ئەنجامداوە، بڕیار وایە بەم نزیکانەش لە کەناڵە کوردی و ئێرانییەکان بڵاوی بکەمەوە».

سەبارەت بە ئاشنا بوونی بە هونەر و موزیکی کوردی دەڵێت: «من زۆر گرنگی بە فۆلکلۆری وڵاتان و نەتەوەکان دەدەم و زۆریش حەزم لە کولتووری جوانی نەتەوەی کوردە، لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە خۆم فێری زمانی کوردی کردووە و بەبێ مامۆستا بە تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵك و گوێگرتن لە موسیقا و هەواڵەکان هەوڵم داوە بە کوردییەکی باش قسە بکەم و بنووسم، تەنانەت لە زمانەکانی دیکەشەوە بۆ کوردی، یان لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی دیکە وەرگێڕانم کردووە»، سەبارەت بە پاڵپشتی و هاوکاری کردنیشی لەلایەن هونەرمەندەکانی دیکەوە یەڵدا دەڵێت: «خانمە هونەرمەندی کورد تارا جاف رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو کە من ئاشنای موزیکی کوردی ببم و بەهۆی گۆرانی و میوزیکەکانی هونەرمەند تارا جافەوە حەزم لە گۆرانی و میوزیکی کوردی کرد، هەر لە رێگای دەنگی ئەویشەوە خۆشەویستیم بۆ کولتوور و فەرهەنگی گەلی کورد زیاتر بوو. بە شێوەیەکی گشتی زۆر حەزم لە کولتووری جیاوازە و بۆ ناسینیان و فێربوونی زمانیان گوتنەوەی موسیقاکەیانم هەڵبژاردووە و چوار ساڵە بەجددی و بە پرۆفێشناڵی گرنگی بە هونەر دەدەم، لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە لە شاری بەرشلۆنە و بەیارمەتی هاوڕێیانم کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرن، گرووپی هونەریی (بی، ئێس، ئێن) توانیومە هەندێ بەرهەم تۆمار بکەم.

یەڵدا جگە لە زمانی فارسی و کوردی بە چەند زمانێکی دیکەش گۆرانی دەڵێ و سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: «دەتوانم بە پێنج زمان گۆرانی بڵێم، بەڵام زۆرتر حەز دەکەم بە کوردی گۆرانی بڵێم و یەکەم جار فەرهەنگی کوردی سۆرانیم بە ئیسپانیەکان ناساند. هاوڕێکانم و خەڵکی ئێرە لە ئیسپانیا دەڵێن باشە تۆ بۆ بە کوردی گۆرانی دەڵێیت لە کاتێکدا پێنج زمان دەزانی؟، بەڵام ئەوە حەز و خولیای منە کە بە کوردی گۆرانی بڵێم، ئەویش لەبەر ئەوەیە کورد لە ئیسپانیا زۆر کەمن، بەتایبەتی کەتەلۆنیا، ئەگەر هەشبێت چالاکیی هونەرییان نییە، منیش ئێستا خۆم بە نوێنەری کورد دەزانم و لەو رێگایەوە دەمەوێت خزمەت بکەم، خەڵکی ئێرەش زۆر ئاشنای کولتووری کوردی نین، چونکە لێرە کورد چالاکیی زۆر کەمە و کاریان بۆ ناساندنی کولتووری کوردی نەکردووە، کورد گەورەترین نەتەوەیە کە تاوەکو ئێستا دەوڵەتی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندترین کولتووری هەیە، کەتەلۆنییەکان حەز بە نزیکبوونەوە لە گەلی کورد دەکەن، بۆیە پێشوازییەکی باش لە کولتووری کوردی دەکەن.»

سەبارەت بە گرفتەکانی وەك خانمە هونەرمەندێك لە هەندەران ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە وەك زۆربەی هونەرمەندانی کورد ئەویش گرفتی سپۆنسەری هەیە، چونکە گشت خەرجی کارەکانی لە ئەستۆی خۆیەتی، بۆیە دەڵێت: «نەبوونی سپۆنسەر سپۆنسەر ئاستەنگێکە کە تا رادەیەکی زۆر ئەرکی هونەرمەندان قورس کردووە، بەداخەوە بەر لە تۆمارکردنی بەرهەم هەندێك لە کەناڵەکانی راگەیاندن ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ هاوکاریکردنی هونەرمەندان نەك تەنیا بە بڵاوکردنەوە، بەڵکو وەك سپۆنسەریش، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان تەنیا بە ئەرکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەمەکە هەڵدەستن، ئەمەش وەك پێویست هاوکاری نییە بۆ هونەرمەند.

